


ئومێد ئاشنا

«بە بۆنەی سی و پێنج ساڵەی کۆچی دوایی و
ئامادەکردنی دیوانی سەرجەمی شیعرەکانی یەوە»

# موفتی پێنجوینی

**یەکەم : ڕازێکی کورت :**

هەتا ئێستا لەبارەی موفتی پێنجوینی یەوە گەلێك وتارو لێکۆڵینەوە نووسراوە ، بەلام بەداخەوە هەموو نووسینەکان بۆ بەلگەو نموونەی شیعری پشتیان بەو چەند شیعرە پڕ لە هەڵەیە بەستووە کە ساڵی (١٩٥٩) لە شێوەی نامیلکەیەکدا لە چاپ درا . لە کاتێکدا وەك من دوای کۆکردنەوەی تەواوی شیعرەکان و ئامادەکردنی بۆ چاپ بۆم دەرکەوت ئەو شیعرانە تەنانەت چواریەکی شیعرەکانی موفتی نین . تا ئەوکاتەش لە ساڵی - ١٩٧٩ - دا میهرەجانێکی گەورە لە سلێمانی بۆ موفتی کرا ، هەموو بەشداربوانی میهرەجانەکە ، کە خۆشم یەکێك بووم ، لەوانە ، تەنها سەرچاوەیان بۆ نووسینەکانیان ئەو چەند شیعرە بوو کە ئەگەر لەو کاتەدا سەرجەمی دیوانەکە لە بەر دەستیاندا بوایە دیارە گەلێ لایەنی شاردراوەو باس نەکراوی شیعرو ژیانی ئەم مرۆڤە گەورەو بەرزە باس دەکرا ، لە لایەکی تریشەوە بە داخەوە نووسینەکان بە گشتی لە چەند خاڵێکدا کۆ دەبنەوەو ئەگەر بە وردی بیانخوێنیەوە دەبینین لە ئەنجامدا هەموو دەبن بە چەند نوسخەیەکی لە یەك نزیك . زۆر کەم شتی نوێ لە جیهانە حەشار دراوەکەی موفتی هەڵێنجراوە . ئنجا لەم ساڵانەی دواییدا خۆشبەختانە لە کاتی ئامادەکردنی پرۆژەی تەواوی بەرهەمەکانی پیرەمێردی نەمردا ، لە ناو دەست نووسەکانی پیرە مێرددا ژمارەیەکی زۆر شیعری - موفتی - م دۆزینەوە کە بلاونەکرابوەوەو لەوەدابوون کە لە ناو بچن و بفەوتێن . کاتێك ئەو شیعرانەم بە شێوەی نووسینی ئێستا نووسیەوە ڕوانیم هەر لە ساڵی - ١٩٣٦ - ەوە ، کە پیرە مێرد یەکەم شیعری موفتی لە ڕۆژنامەی - ژیان - دا بلاوکردۆتەوە هەتا دەگاتە مانگی حوزەیرانی - ١٩٥٠ - کە دەکاتە چواردە ساڵ ، بەردەوام هەموو هەفتەیەك پیرە مێرد شیعرێك ، یاخود دوو شیعری بۆ بلاوکردۆتەوە . بە هۆی ئەوەی کە تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەی - ژیان - و - ژین - م دەست کەوت توانیم ئەمجارە باشتر تەواوی شیعرەکان ڕێك بخەم و دیوانێکی دەست نووسی نایابی لێ پێك بێت .

**دووەم : لایەنێکی مێژوویی :**

ساڵی - ١٩٣٩ - واتە چل و هەشت ساڵ لە مەوپێش لە کتێبی - گوڵ دەستە - دا (علی باپیر ئاغا) - بۆیەکە مجار موفتی بەخوێنەری کورد ناساند سەرەڕای ئەوەی نووسینەکە نرخێکی مێژوویی خۆی هەیە و دەست پێشکەری یەکی وریایانەی تیادایە ، نووسەر لەو چەند دێڕەدا کە باسی موفتی و شیعرەکانی دەکات چەند خاڵێکی گرنگی دەست نیشان کردوە ، ١ - شوێنی لە دایك بوون و پیشەو کاری موفتی دیاری کردوە .
٢ - لای نووسەر (موفتی) - خوا پێداوە - چونکە لە - تەبیعەت و ئەخلاق - دا زۆر دەوڵەمەندەو لە سەروەت و تفاق - دا هەژارە .
٣ - نووسەر دەرکی بەوە کردوە کە موفتی ڕێگاو بیرو باوەڕێکی تایبەتی خۆی هەیە ، بەواتای ئەو ، فەلسەفەیەکی ڕاست و

ڕەوانی دۆزیوەتەوە – دیارە مەبەستی ئەو بیرو ڕاو ڕێبازەیە کە شاعیر لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی دەکات چونکە ناوەڕۆکی زۆربەی شیعرەکانی لە یەکەوە نزیکە .

٤ – دەستنیشانی ئەوە دەکات شاعیر ئەم (فەلسەفە ڕێكو ڕەوانەی کە دۆزیویەتیەوە ، کردۆتە ناوەڕۆکی شیعرەکانو ئەو ناوەڕۆکەی خستۆتە قاڵبی شێوەیەکی – جوان – و – ئاسان – ەوە . بڕوانە هەریەك لە وشەکانی – جوان – و – ئاسان لە ڕاستیدا ئەگەر چی موفتی وەك قوتابیەکی ڕێبازە شیعرییەکەی – حاجی قادر – گرنگیەکی وەهای نەداوە بەشێوەو ڕازاندنەوەی وشەو واتاو زیاتر لای ئەو ناوەڕۆك ، مەبەستبووە ، بەڵام لەوەدا باش مەبەستی پێکاوە کە شیعری موفتی – ئاسان – ە ، کاتێ خوێنەر دەست دەکات بە خوێندنەوەی شیعرەکان زۆر بە ئاسانی یەکەمجار تێی دەگات .
٥ – لایەنێکی تری شیعری موفتی ڕوون دەکاتەوەو باسی شێوەی نووسینو خەتو چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی شیعرەکان دەکات ، بەو جۆرەی خەتی شاعیر زۆر ناخۆشەو چۆنی بۆ بێت وەها شیعرەکان دەنووسێتەوەو ڕێگەی گەیاندنی ئەو شیعرانەش لای ئەو – ڕۆژنامەی – ژیان – ی پیرە مێردە – ە .

ئەمەش ئەو چەند دێڕە نووسینە بەنرخەی – علی باپیر ئاغا – ی شاعیرە :

«مەلا عبد الله پێنجوینیە ، لە دێی – بێستانە – هاتۆتە دنیا ، ئێستا لە پێنجوین توتونچیەتی ئەکا ، پیاوێکی خوا پێداوە کە زۆر دەوڵەمەندە لە تەبیعەتو ئەخلاقداو زۆر فەقیرە لە سەروەتو تفاقدا . هەروا لە خۆیەوە فەلسەفەیەکی ڕاستو ڕەوانی دۆزیوەتەوەو بە شێوەیەکی جوانو ئاسانو بە خەتێکی – شڕوبڕ – ی مەریوان ئەی نێرێ بۆ جەریدەی ژیان ئەمە هەندێ لە شیعرەکانیە » .

نووسەر شیعری – لە سایەی کەسبو سنعەت – ی موفتی دوای نووسینەکە دەنووسێتەوە . ئنجا هەر وەك لایەنی مێژوویی بۆ نرخاندنی شیعری موفتی لە ساڵانی پەنجاو شەستەکاندا ئەم چەند کورتە باسانەی لەسەر نووسراوە .

– لە لایەن مامۆستا – محمد رسول هاوار – ەوە ساڵی ١٩٥٢ – ، دوای کۆچی شاعیر بە ماوەیەکی کەم ، لە ڕۆژنامەی – ژین – دا کورتە باسێکی لەسەر نووسراوە .
– ساڵی – ١٩٥٦ – مامۆستا – نجم الدین مەلا – ، لە ڕۆژنامەی – ژین – داو لە گۆشەی – شیعرو شاعیرەکانمان – کورتەیەکی لە سەر ژیانو شیعری موفتی نووسیوە .
– ساڵی – ١٩٥٩ – لە لایەن مامۆستا – محمد توفیق وردی – یەوە کورتە باسێك نووسراوە کرایە پێشەکی ئەو چەند شیعرەی لەو ساڵەدا چاپکرا .
– لە لایەن – هۆمەر – ەوە هەر لە – ژین – دا ، یادێکی موفتی کراوەتەوە . ئەمەش ساڵی – ١٩٦٢ – ە . ئیتر لەوکاتەوە هەتا ئێستا ناو بە ناو سەبارەت بە موفتی و شیعرەکانی نووسراوە . بەڵام وەك وتمان لەبەر نەبوونی دیوانی تەواوی شیعرەکانی نووسینەکانیش ڕۆشنایی تەواو نین بۆ سەر شیعرو ژیانی .

**سێیەم :**

**ناسینی موفتی دوای ئامادەکردنی سەرجەمی شیعرەکانی :**

مەلا عبد الله کوڕی مەلا کەریم – ی ناسراو بە – موفتی پێنجوینی – (١٨٨١ – ١٩٥٢/٥/٢٣) ، یەکێکە لەو شاعیرانە سەر بە ڕێبازی شیعری – ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی – یە لە ئەدەبی کوردیدا . خۆ بەستنەوەی بە ئاواتو خواستو نیازەکانی چەوساوەو ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەکەیەوە دارشتنی ئەو مەبەستانەی بەوپەڕی بە خۆدا ڕاپەرموونو نەترسیو ڕوونو ئاشکراییەوە ، دەمان هێنێتە سەر ئەو ڕایەی وەك شاعیرێکی واقیعیو شۆڕشگێر بیناسین. قوتابیەکی زیرەکی ڕێبازە شیعریەکەی – حاجی – یە بە ناوەڕۆکی نیشتمانی شیعرەکانیو ڕەواڵەتو شێوەی ئاسانی کارێکی وەهایان کردووە کە تائێستا زۆر کەس لە ناوچەکانی کوردستانی ئێرانو پێنجوینو شارەزوورو سلێمانی گەلێ ناوچەی تر شیعری موفتییان لەبەربێتو لە زۆر موناسەبەدا بیخوێننەوە . کە ئەمە خۆی زیندوێتی شیعرەکان دیاری دەکات. ئینجا لەبەر ڕۆشنایی تێکڕای شیعرەکانیدا بە کورتی خاسیەتەکانی شیعری موفتی دەنووسین :

١ – شیعرەکانی گرنگی بە ناوەڕۆك دەدەن ، باسێك یاخود کارەساتێك دەردەبڕن ، گرنگ نی‌یە شاعیر بە کام شێوە ئەو ناوەڕۆکە دەخاتە ڕوو ، خۆی بە لایەنی شێوەوە خەریك ناکات ، وەك دابەش‌کردنی کێشەکانی لە شیعرەکەداو بایەخ‌دان بە فەلسەفەو لێك‌چواندن‌و تەسیهو جناس‌و . . هتد . سڵ ناکاتەوە لە بەکارهێنانی وشەکانی تورکی‌و عەرەبی‌و فارسی ، واتە لای ئەو مەبەست نی‌یە ڕێبازی کوردی پەتی بگرێت .

٢ – شیعرەکان جۆری ڕاستەوخۆ – بروسکە – یە ، یاخود – مباشرە لە شاعیرەوە بۆ خەڵك . وەك شیعرەکانی – حاجی قادر مەلا محمدی کۆیەو قانع‌و بی‌کەس لایەنی ئامۆژگاری دەگرن‌و زۆر جاریش بە حەماسێکی نەتەوەییەوە دادەڕێژرێت .

٣ – دەیانەوێ باس لە ڕووداوێکی ، ڕامیاری ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، بکەن . کارەساتێکی ڕۆژانە یاخود موناسەبەیەك دەکەنە هەوێن .

لە دوای دیاری‌کردنی سیفاتی شیعری موفتی لەو سێ خاڵەدا دەڵێین :

هەڵکەوتنی ئەم شاعیرە لە ناوچەیەکی دووری دواکەوتەی ئەو سەردەمەی وەك پێنجوین‌دا ، کە دیارە کۆمەڵی کوردەواری ئەو کاتە چۆن بە هۆی نەخۆشی‌و نەزانی‌و نەخوێندەواریەوە نالاندویە ، لەم ڕووە مێژوییەوە ئەو ڕاپەڕین‌و یاخی بوون‌و نەتەوە ویستیەی موفتی دەبێت ئافەرینی لێ بکرێت‌و سەری نەوازش‌و ڕێزی بۆ دانەوێنرێ . هەوڵە نەمرەکانی ئەم گەیە ڕادەیەك خەڵکی دواکەوتوو بە بێ ئاینی بزانن‌و ناتۆرەی – بابی – لێ‌بنێن ، بەڵام ئەو مرۆڤە شاعیرە هەتا مردن بەرەنگاری بوەوەو لە ڕێگەی خزمەت‌و تێکۆشانی خۆیدا هەردەم لە پێشکەوتندابوو .

**چوارەم : بەدی هاتنی ئاواتێکی گەورەو ڕەنجەڕۆییەکی زۆر :**

کاتێك هەواڵ گەیشتە پێنجوین ، کە بۆ یەکەمجار ئالای کۆماری کوردستان لە (مەهاباد) هەڵدەکرێت ، شاعیری شەیدای ئەو ئاواتە گەورەیە بەرەو ئەوێ ڕێ دەکەوێت‌و کاتێکیش لە مەیدانی گەورەی مەهاباددا ئالا هەڵدەکرێت ، موفتی قەڵەم دەگرێت بە دەستەوەو ، لە ماوەی مانەوەیدا لە کوردستانی ئێران لە ساڵی – ١٩٤٦ – دا چوار پارچە شیعری نایاب دەنووسێت . ئێمە تەنها پارچە شیعرێکمان لەو چوارە دەست کەوتبوو بەڵام بە هۆی نیشتمان پەروەری دڵسۆز کاك – عبد القادری دەباغی – یەوە کە ژمارەکانی – گۆڤاری هەڵاڵە – ی بۆن خۆشی بۆ هێنایین تەواوی شیعرەکانمان دەست‌کەوت‌و مامۆستای – دەباغی – لە تەك شیعرەکانیشدا یاد داشتی خۆی لە ساڵی – ١٩٤٦ – دا لە تەك – موفتی – دا بۆ نووسینەوە ، کاتێ موفتی لەو ماوەیەدا لای ئەوان بووەو بەم کارە گەڵی لایەنی شارراوەی ژیانی شاعیرمان بۆ دەرکەوت‌و لێرەدا بۆ یەکەمجار ئەو کورتە ڕازو خوازە شیرینە بڵاو دەکەینەوە ، مامۆستای دەباغی ، لە نامەکەیدا دەنووسێت «شۆرە لاوێکی جوان چاك‌و دەوڵەمەندو دەس بڵاو ، سەرانسەری هەست‌و هۆشم لە دووی بیری نیشتمان پەروەری‌و دڵداری ئاخندراو ، سەرخۆش‌و دڵخۆش بە جوانترین بەرگی کوردی ڕازێنراو ، لە یەکێ لە شەقامەکانی شارە خنجیلانەکەی بۆکان ، بوکی ڕازاوەی موکریان مەڵبەندی شاعیران‌وچاو جوانان و دەنگ خۆشان ، بە یەکێ لە یارانی پێنجوینی – کاك ڕەشید بەحری – گەیشتم‌و دووای بەخێرهاتن‌و ماندوو نەبی‌کردن بە پێکەنینەوە وتی : دوو میوانی ئازیزم بۆ هێناوی لە ماڵەوە چاوەڕێتن . بە پەلە گەڕامەوە ، دیتم مامۆستا قانع لە گەڵ پیاوێکی دەستە پیاو نەختێ لەڕ ، ڕیشی زیاتر سپی‌و لەبلی لێ تۆراوبوو لە گەڵ باوکم‌و حاجی عبد الله ی بۆسکانی دانیشتون ، سڵاوم کردو بە ڕەسمی ئەو سەردەمە دەستیانم ماچ‌کردو بەخێرهاتنم عەرزکردن . لە (بانە) بە خزمەتی قانع گەیشتبووم‌و حاجی عبد الله یش ئاشنای لە مێژینەمان بوو باش‌بوو قانعی ڕەحمەتی گورج فەرموی ئەوە مەلا عبد اللهی موفتی – یە ، کە شیعرەکەت لە بانە نووسییەوە . دیسانەوە دەستم ماچ کردو خۆشحاڵی خۆم لە زیارەتی دەربڕی ، قانع فەرمووی جا لە مزگێنی ئەم دیاری‌یە دوو بەرگ دیاری کۆمەڵەکەتمان بۆ بێنە ، بە گورجی دوو بەرگ دیاری بڵاوکراوەی کۆمەڵەی – (ژی – کاف) م هێنایە خزمەتیان . هەردووکیان گەشانەوە ، هەڵبەستی – ئارەزوو – ی

زانای پایە بەرزو پیرۆزی مەلای گەورە ، سەرمەستی کردن ، لە شەوی دواییدا بە شانازی تەشریف هێنانی ئەو دوو شاعیرە پایە بەرزو نیشتمان پەروەرە جەنابی (مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە ، مامۆستای بە ناوبانگی موکریان‌و قازی (کاکە حەمەی قزڵجی) و شاعیرانی وەك – حەقیق – وهەژار – و – حەسەنی قزلجی – مان بانگ هێشتن کردو ئەوشەوە بەڕادەیە بەخۆشی رامان بوارد کە تابانگی سوبحی نەفەرموو کەس ئاگاداری وەخت‌و کات نەبوو . دیداری ئەو چەن ڕۆژەی بۆکان منی ئەوینداری نیشتمانی بریندارتر کردو ئاگری ئازادیخوازی‌یان بە شێوەیەك لە دڵما هەڵگرساند کە ئێستاش بە پیری‌و کەفتەکاری دەستم لە خەبات‌و تێکۆشان هەڵ‌نەگرتوەو هەڵوەدای دەشت‌و کێوانم : ئنجا سەبارەت بە ئاکارو بیرو باوەڕی موفتی بە کورتی و بە کوردی دەتوانم لە چەن خاڵدا دەست نیشانی بکەم .

١ – بە تەواوی هەستەوە عاشق ئازادی‌و سەربەخۆیی کوردستان .

٢ – دژی چەوسێنەرو دەرەبەگایەتی‌و

٣ – لایەنگری مافی یەکسانی ژن‌و پیاو

٤ – تێکۆشەری ڕێگای زانست‌و خوێندن

٥ – دژی تەمبەڵی‌و بی‌کاری

ئەوەی دەیگوت بەڕاستی لە کانگای دڵیەوە دەهاتە دەرو بەدڵەوە دەنووساو لە ناخی دڵاندا جێگای دەگرت . مەلا – عبد العزیزی موفتی – سەقزی بە مامۆستای زانست‌و بیرو باوەڕی خۆی دەناسی ، زۆر جار یادی دەکرد ، دڵمەندی‌یەکی زۆری بە شاری سەقزەوە هەبوو ، وابزانم نازناوی – موفتی – یش کە هەڵیبژارد هەریەیادی مامۆستای ئازیزی واتا موفتی سەقزیەوە بوویێت .

ڕۆژێکیان باسی بلیمەتی خوالێخۆشبوو – موفتی سەقزی – دەکرد وتی :

فەقی‌کانی خانەقای بیارە کەوشەکیان دەکرد لە کاتی گورمەتەبەستن‌دا هاواریان دەکرد – یا ضیاء الدین – کە نۆبە گەیشتە «مەلا عەزیزی سەقزی موفتی» گورمەتەی بەست‌و بە دەنگی بەرز وتی – یاخۆم – ، لە هەمویان زیاتر بازی‌دا !

دەبڕینی هەستێکی واو لە شوێنێکی ئاواو لەو سەردەمەدا نیشانەی ئازایەتی‌و بلیمەتی ئەو زانایە وە هۆی دڵمەندی مەلا عبد الله موفتی بەو مامۆستایەبوو . کاتێ کۆمارە جوانە مەرگەکەی کوردستان لە مەهاباد دامەزراو ئالأی سەربەخۆیی هەڵکرا موفتی هەڵبەستێکی وەك نامەیەك بۆ خزمەت ئالأ نووسی . هەروەها کاتێ گۆڤارە بۆن خۆشەکەی – هەلآڵە – لە بۆکان چاپ‌و بلأوکرایەوە چامەیەکی بەرزی نارد . بەختەوەرانە هەرسێ ژمارەکەی هەلآڵە کەوتبوە دەست زانایەکی پایەبەرزی دڵسوز ، کاتێ تماشام‌کرد ئەوەی ئێمە بۆی دەگەڕاین لەبن دەستی خۆماندایە . ئەم چەند دێڕە کە بیرەوەریەکانی چل ساڵ لەمەوبەرە پێشکەشم‌کردن‌و هیوام وایە خزمەتێکم بە کەلەپوری نەتەوەکەم کردبێ‌و لە بارەگای ئەدەب دۆستاندا قبولْ بکرێت موفتی پێنجوینی شاعیر بەم هەست‌و بیرو دەروونەوە تەماشای بەدی هاتنی ئەو ئاواتە گەورەیەی ژیانی خۆی دەکرد . بەلأم ڕۆژگار داخی ناکامی‌و ڕەنجەڕۆیی نا بە دڵی موفتی‌و هەزاران دڵسۆزی وەك ئەو دا کاتی کۆماری مەهاباد بە پیلانی دوژمنان‌و هێرشی دڕندانەی ڕژێمی شا ڕوخاو تێکۆشەران گەلێکیان شەهید کران‌و گەلێکیان ئاوارەی وڵاتان بوون . موفتی یش بە ئاهو حەسرەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە پێنجوین . بەلأم سەرەڕای ئەم ڕەنجەڕۆییە تووشی بوو بە تووشی کارەساتێکی دڵتەزێنەوە . ڕووی کردەوە شارێکی وێران‌و خاپوور . بومەلەرزە چەند جارێك ساڵی – ١٩٤٦ – و دواتریش ساڵی – ١٩٤٧ – لەو شارە جوانەی دابوو دانیشتوانی پەرەوازە کردبوو . لەمەش ناخۆشتر بۆ موفتی ئەوەبوو بە هۆی ئەو وێران بوونەوە دیوانی شیعرەکەی لەناوچووبوو وە هیچ شوێنەوارێکی نەمابوو . ڕۆژگار بەمەش وازی لە موفتی نەهێناو جارێکی تریش هەر ڕەنج بە خەسار بوەوە . کاتێ لە ساڵی ١٩٦٣ – دا پێنجوین سوتێنراو ئەمجارە کۆمەڵە شیعرە دەست‌نووسەکەی موفتی بوە خۆراکی ئاگر . جاری سێ‌یەمیش دیوانی موفتی بۆی نەهات‌و کاتێ دوکانی توتن چیەتیەکەی لە پێنجوین سوتا دیوانەکەی لە ناودا سووتا . بەڕاستی ئەگەر دەست نووسەکانی پیرە مێردو چواردە ساڵی بەردەوام شیعری موفتی لە – ژیان وژین – دا بلأو

نەبوایەتەوە ئێمە ئێستا تەنها چەند شیعرێکی موفتی - مان لەبەردەستدا نەدەبوو !

**پێنجەم : موفتی وەڵامی دوو نامەی پیرە مێرد - دەداتەوە**

موفتی هەر وەك لە منداڵیەوە هاوڕێ ی ژیان وشیعری - قانع - بووە هەروەها لە ساڵانی سی یەوە بە هۆی دنیای شیعرو رۆژنامەی - ژیان - ەوە پەیوەندی دۆستایەتی گەرمی لە گەڵ پیرە مێردی نەمردا هەبوو . پیرە مێرد شیعری موفتی هەڵسەنگاندبوو . لە هەر ژمارەیەکی رۆژنامەکەیدا جێگایەکی بۆ تەرخان کردبوو . لە ماوەی ئەو چواردە ساڵەدا دوو جار موفتی لە پیرە مێرد دوور دەکەوێتەوەو زەبری رۆژگارو ژیان لە شیعر ناردنی دوور دەخاتەوە . پیرە مێرد نامەی بۆ دەنووسێ و گلەیی لێ دەکات . کە بۆچ شیعری دیار نی یە ؟ !

بەڵام بە داخەوە ئەو دوو نامەیەی پیرە مێردمان دەست نەکەوت کە بۆ موفتی ناردبوو بۆ پێنجوێن و دیارە ئەوێ لە ناو ئەو کاغەزو شیعرە سوتاوانەی شاعیردا ئەوانیش سووتابن . بەڵام لە دەست نووسەکانی پیرە مێرددا توانیمان هەردوو وەڵامەکەی موفتی بۆ پیرەمێرد بدۆزینەوە . ئەویش هەردوو جارەکە موفتی بە شیعر وەڵامی داوەتەوە . جا نازانین ئایا نامەکانی پیرە مێردیش هەر شیعربووە یاخود نووسین . بە هەر حاڵ ئەوا ئەم دوو یادگارە نەمرە بڵاو دەکەینەوە .

**١ - لە پێنجوینەوە جواب بۆ جەنابی حاجی توفیق پیرە مێرد -**

پیری خەمخواری وەتەن پەروەرم
ئەدیبی هوشیار تاجی سەر سەرم
ئەفەرموی بۆچی خامۆشی لە -ژین-
ئەڵێ ی کەوتویتە ژێر بەفری پێنجوین
دنیا تەم و خەم هەتاو بێ تینە
بێ دەنگیم لە (ژین) لە هەوڵی ژینە
شوکور تاڵبوە هێند بە بەهایە
باڵ بەندانێکە بزمار بەگایە
برنج برنجە گۆشتیش بە کوشتە
تەنها هەر جۆیە خۆراکی گشتە
پێنج کچ و دوو کوڕ دایکێکی هەژار
باری سەرشانن گێچەڵیش سەربار
رەوی - حویجە - و حەپسی و جەریمە
حەیات و شیعری کرد بە دوو نیمە
توتن چیەکم بە جیسم و مایە
نیوە پیاوێکم لێ دێتە کایە
کەوتمە داوی ئەم حەپس و جەزایە
ئێستا دنیام لا رۆژی جەزایە
شیعرم سوئالی مەرنەموکەیە
فکرم شێواوی بدە زووکەیە

**٢ - جوابی سکاڵای شیعر بۆ جەنابی حاجی توفیق پیرە مێرد**

پیرەکەی وەتەن خەمخواری فەقیر
بۆ هەزار فەقیر بوویتە دەستگیر
هەتاکو ماوم سوپاست ئەکەم
لە هەموو لایەك من باست ئەکەم
بەینێکە ناوم لە ژینا نی یە
هەڵبەت ئەزانی واسیتەی چی یە
حاڵم پەرێشان دەردم کاری یە
بە رووی نزارم قەندە هاری یە
گونیەو حەسیرم قاڵی و شیرداخە
کاسەو گڵێنەم پیاڵەو پەرداخە
ژاری قلیانم چایی سیلانە
نانی هەرزنم شەکری فنجانە
لەم رۆژی رەشا نۆ سەر خێزانم
کاسبکار خۆم پیرو بێ گیانم
تانان رێك ئەخەم بەرگم دڕاوە
لە هەوڵی بەرگا جەرگم بڕاوە
تێ فکرە قوربان بەم چەشنە ژینە
هۆشم چۆن لەسەر مەقالەی - ژین- ە
مەگەر هەر بڵێن یارەبی هیتلەر
زوو رەنجەڕۆکەی بیکەی دەربەدەر
ئەم ئاگرە کەوا بەربۆتە دڵمان
خوا هەق بسێنێ لە شەڕی ئەڵمان